

# Even You Julemand?

## حەمەفەریق حەسەن

بێ پرس، لە جێی خۆیەوە، لە چەقی ئەو بازاڕە جەنجاڵەدا، بێ هاریکاریی موزیک، تێیهەڵکردە سەمایەکی بەجۆش. سەمایەک بەم وڵاتە نامۆ. لانکا نەرم نەرم دەجوولا. دەستەکانی لە هەوادا دەسووڕاند و پێی بەرپێ دەنا، دەهاتە سەر چیچکان و بەدەم جووڵەی دەست و پەنجە ناسکەکانییەوە هەڵدەستایەوە. پێیەکی هەڵدەنا و نەرم دایدەنایەوە. کەمەری دەجووڵان و بە پەنجەکانی دەستی ئاماژەی دەداو هێمن بەدەوری خۆیدا دەسووڕا. لاوە گەنمڕەنگە موزیکژەنەکەی بەر دەرگە کاتێک لانکای دیت، تایلاندییانە سەمادەکات و مینا پەپوولە باڵەکانی دەجووڵێنێ، یەکڕاست بە ئامێرەکەیەوە وەژوورکەوت و موزیکی بۆ ژەند. شەوق و خرۆشێکی بێوێنەیش بە ڕووخسارییەوە دیاربوو.

ئەم مەزنە بازاڕە بنمیچ بەرزە شووشەبەندە، باڵۆنی ڕەنگاوڕەنگ و ئەستێرەی زیوی، سوور و مۆر، ڕستی دریژی وردیلە گڵۆپی ڕەنگاوڕەنگ، بە بنمیچە سەهۆڵییەکەیەوە ئاوێزانن، مینا کۆئەستێرەی ئاسمانی شەوی ساماڵ دەجریوێنن. بەم ڕۆژە ساردە سەربەهەورە، ئەم بازاڕە شووشەبەندە، کە ڕەنگە هەزار کەس پتری تێڕژابێ، گەرموگوڕە و ناوەوەی لە دەرێ ڕووناکترە. کڕیار لە پشت عەرەبانە دەستییەکانەوە بزەی لێویان دێت. هەفتەی دادێ، دەستپێکی بۆنە گرینگەکانە، لە جەژنی لەدایکبوونەوە بۆ ئاهەنگەکانی سەری ساڵ.. چەند چاو ورددەکەمەوە، کەسیان لێ ناناسم و هەمووشیانم خۆشدەوێت.

لەگەڵ (لانکا)و دایکی، بە ئوتومبیلەکەمانەوە سەرکەوتینە بەرهەیوانی هەراوی پێشی ئەم مەزنە بازاڕە، کە گەراجێکی فراوانی تایبەت بە کڕیارانی ئەم مەزنەبازاڕەیە. پێداویستییەکان، لە سارنجەوە بۆ کۆمپیوتەر، تا جۆرەکانی کامێرا، بە پۆشاکیشەوە نرخیان داشکاوە. دەیان جۆر لە فیشەکەشێتە. شەرابی سوورو سپیی ڕەزەکانی فەڕەنسا و ئیتالیا، ئیسپانیا، ئەرجەنتین و... جۆرەکانی ویسکیی سکۆتلەندی و ئەمریکایی بە بیرەی خۆماڵیی کالسبورگ و توبورگ و ئەوانەشی بەتایبەتی، بەخۆشیی سەری ساڵەوە، لە شووشە نراون و ناوی نوێیان لێ نراوە، لەپاڵ یەکدا ڕیزکراون. لەم بازاڕەدا منداڵانی پێستڕەش و سپی و سەوزەی گەنمڕەنگ، وەک ساڵانێک بێت ئاشناو ڕۆشنای یەک بن، بەدەم زەردەخەنەوە تێکەڵ بوون و بە زمانی وشەو جەستە لەگەڵ یەکدا دەدوێن. ناوبەناو لە بڵندگۆیەکانی بازاڕەکەوە داوای ڕوونکردنەوە دەکرێت و کارمەندە گورجوگۆڵە باریکەلە یونیفۆرم لەبەرەکان هەددانیان نییە.

بەرلەوەی بگەینە ئێرە، بە داڵانێکی بڕێک درێژدا ڕەتبووین. لەو داڵانەدا لاوێکی گەنمڕەنگ، ئامێرێکی موزیکی لە شێوەی هەمبانە، لە باوەشدا، بۆرییەک بە وێنەی شمشاڵێکی باریک لە سەرێکی قایمکرابوو، فووی پێدا دەکرد و پەنجەکانی لەسەر وردە کونەکانی دەبزواند، ئاهەنگێکی پڕخرۆشی لێوە بڵنددەبوو. نەختێک لەولاتر، درەختی سەری ساڵی بە دەیان ئەستێرەو وەریلە گلۆپی داگیرساو ڕازاوە، دەم دەروازەی سەرەکیی ئەم بازاڕەی پێ ڕازابووەوە. (لانکا)ی کچم، سەرسام لەپێش موزیکژەنەکەدا وەستا. من و دایکیشی ناچار بە وەستان و گوێگرتن کرد. ئاوازەکە وەها کاری لە لانکای دە ساڵان کردبوو، بەنیازنەبوو هەروا زوو بەجێی بێڵێت. دواترێک، کە لانکا بە ئێمە گەیشتەوە، (پێنج کرۆن، تەنیا پێنج کرۆن!) بەدەم نازەوە دەستی لە دایکی پانکردەوەو ئەمەی وت. دایکیشی جزدانە چکۆلەی نێو جانتا چەرمە دەستییەکەی دۆزییەوەو داواکەی بەجێگەیاند. لانکا بەدەم ڕاکردنەوە پرچە هۆنراوە ڕەش و درێژەکەی، کە بە قردێلەیەکی شەرابی کۆتایی دەهات، خێرا خێرا لەسەر پشتی ئەمبەر و ئەوبەری دەکرد و هەڵدەبەزییەوە. چاوم لێبوو چۆن بەسەر شەبقەی پێش موزیکژەنەکەدا نوشتایەوە و پێنج کورۆنیەکەی بەردایەوە ناوی. ئەویش بەدەم بزەوە، سەری پێزانینی بۆ لەقان.

لانکا بە ڕووی گەشەوە بە من و دایکی گەیشتەوە. (ئەو پارچە موزیکە دەناسمەوە، بەسەمایەکی تایلاندی تایبەتە ڕاموپیۆنی ناوە. ئەو کوڕە زۆر خۆشی دەژەند.. مامۆستای سەما، چەند جارێک لەسەر سیدی ئەو پارچەیەی بۆی لێداوین، کاتێک من و کچە خوێندکارەکانی دەستەخوشکم لە هۆڵی تایبەتدا لە سەر ئەو ئاوازە سەمامان کردووە.) لانکا ئەمەی بە من وت. (لە ئاوازی جووزەلەی خۆمان دەچوو.) منیش وەهام بە لانکا وت.

لەو دەمەدا (یوولەمان)ێک بە ڕیش و سمێڵی لۆکەیی و پۆشاکی سوور و ساکەکەی کۆڵیەوە بە بازارەکەدا دەسووڕایەوە و لە ئاستی هەر منداڵێکدا دەوەستاو بەدەم زەردەخەنەوە، دەنکێک شوکولاتەی بە دیاری دەدایە. لە چاوەڕوانی شوکولاتەی یوولەماندا، لانکایش لەتەک چەند منداڵێکدا کەناری گرت و ڕیزبوو. یوولەمان بە ڕووی گەشەوە شوکولاتەیەکی نایە دەست یەکەم منداڵ، دانەیەکیشی نایە دەستی دووەم، لە نۆرەی خۆیدا لانکای کچم، بە شادییەوە دەستی چەپی بۆ شوکۆلاتەی یوولەمان والاکردبوو، پەنجە بارکەکانی خۆنەویستانە دەجووڵان. یوولەمان بروسکەیی سەرنجێکی لانکای گەنمڕەنگ و چاوڕەشی دا، تێپەڕاند و ئەو شوکۆلاتەیەی لە مستیدابوو نایە دەستی چوارەمیان، کە منداڵێکی پرچ زەردی چاوکاڵ بوو.. منیش لە نزیکەوە لەو پێشهاتە نامۆیە ڕامابووم. لانکا دەستی وردیلە و ئاوەڵای بۆ یوولەمان

## دەق

هێنا، کەچی ئەو نێوچاوانی تێکا، لووتی هەڵقرچاند و بە پەنجە ئەستورەکانی شۆکۆلاتەیەکی بەرگ سووری بەسەر پەنجە باریکەکانی ئەمدا ڕەتکرد، بردی و نایە مستی منداڵێکی چاو کووژەکەیی پرچ زێڕینەوە، کە لەخۆشیاندا بزە لەسەر لێوەکانی بەسەما هاتبوو. یوولەمانیش بە ساکەکەی کۆڵییەوە خێرا ئەوێی جێهێشت. ئەوەندە پێی قارس بووم، وەک مێشوولەیەک بە گیزەگیز خۆی بە کونی گوێمدا کردبێت.

نەمزانی چۆن دڵی هێنای جیاوازیی لانکاو منداڵێکی تر بکات، کە ئەو هێشتا لە سەرەتای خەون بینیندایە بە جیهانێکی جوانترەوە. نەیشمزانی چۆن ڕۆحی ڕەنجێنراوی لانکای کچم بهێنمەوە جێ و دڵخۆشیی بدەمەوە؟ ئەوەندە نەبێت بڕێک دەستم بە سەرو پرچە ڕەشە بریسکەدارە دریژەکەیدا هێنا. وەلێ لانکا ئەوەندە بەخۆیدا شکابووەوە، وەختابوو فرمێسک بزێتە چاوی. ددانەکانی لە لێوی خۆی گیرکردبوو نەبادا بداتە هاڕەی گریان. دایکی لانکایش دوای ئەوەی تاسان بەریدا، تووڕە و خەمبار، بەنێوان بەشەکاندا دوای یوولەمان کەوت و ئێمەیشی بەشوێن خۆیدا هێنا. پێشی پێگرت و پەنجەی هەڕەشەی بەڕوودا بەرزکردە و پێی وت: (ئیڤن یوو یوولەمان؟) دایکی لانکا تەنیا سێ وشەی دایەڕووی یوولەمان، بەڵام وشەکان لە گەروویدا وەک زەنگوڵە زرنگانەوە و دەنگیان دایەوە.

لانکای منداڵ ماوەیەک وشک وەستا، نەیدەزانی چی بکات و چی بڵێت. لانکا بەو پلارەی دایکی گرتییە یوولەمان، دڵی ئاوی نەخواردەوە. دیاربوو لانکا سەریشی لە واتای پلارەکە دەرنەکردبوو. بۆیە لانکای دە ساڵان بە بەرائەتی ئەو منداڵەوە، تاکەوتاک پانییەرزەکانی دایکی لەپێکردبێ، دانەوییەوە. پێڵاوەکانی داکەند و دانیە دەست دایکی. قەمسەڵەکەی داکەند دایە دەست من. لە جانتا چکۆلەکەیدا دوو ڕست پاوانەی زەنگوڵەداری دەرهینا، لەپێیکردن، ملوانکەیەکی شیلانی دەنک درشتی شەرابییشی ڕاستوچەپ لەملکرد. پرچە ڕشە درێژەکەی کلافەکرد و لە شێوەی تاجێکدا تەوقی سەری خۆی پێ ڕازاندوە و برێکیش باڵای پێ هەڵکشا.

لانکا هاوئاهەنگ لەتەک موزیکی بەخرۆشی لاوە موزیکژەنەکەدا، کە بەدەم فووکردن بە ئامێرەکەیدا گووپەکانی هەڵئاوسابوون و سوورهەڵگەڕابوون، بە ڕەزمێکی دڵنشین دەهەژا و خۆی ڕادەژەندو کەمەری دەلەنگان. کاتێکیش سەری پەنجەکانی پێی لە زەویی بازاڕەکە دەدا، پاوانەکانی زنگەزنگ دەزرینگانەوە.. لانکا بەدەم سەماوە، دەچووە چیچکان و هەڵدەسایەوە. کاتێک ئاوڕم لە چواردەورمان دایەوە، دیتم سەدان مرۆڤی سەرسام، لە جێی خۆیان ڕوواون و لە لانکای کچم ڕادەمێنن.. لە کۆتایی سەماکەدا، لانکا و لاوە موزیکژەنەکە، بە نەزاکەتەوە بۆ ئاپۆرای سەرسامی بینەران چەمینەوە، ئەوجا هەڵسانەوە و لەجێی خۆیان وەستان. لەو دەمەدا، ئەو مەزنە بازاڕە لە هاڕەی چەپڵەڕێزاندا دەهەژا و دەنگی دەدایەوە. لانکا هەستی شانازی تێی ئاڵابوو، گووپەکانی سوور هەڵگەڕابوون و لێوی بە زەردەخەنەی سەرکەوتن کشابوو. لەو دەمەدا لە چاوی من و دایکی لانکاوە، هەزاران تاڵە گزنگی بە هەزاران دەنکە مرواریی درەوشاوە، بریسکوهووڕ، وەک پڕتەوی خەرمانەی مانگی چواردە، لە دەوری ڕووی لانکای کچم ئاڵابوون.

١٤, ٠٨, ٢٠١١

**سەرنج**

(یوولەمان، وشەیەکی دانمارکییە بەواتای: سانتاکلاوس، بابانۆئیل، باباکریسمس Julemand)

(Even You Julemand?): ئاماژەیە بە ڕستە بەناوبانگەکەی شانۆیی (یۆلیۆس سیزار)ی شەکسپیر. ڕستەکە لە سەر زمانی قەیسەرەوەیە، کاتێک ئەو لەلایەن بروتسی هاوڕێیەوە بەر شمشێر دەدرێت. (Even you Brutus?)